

لە 46 یاریدا تەنیا 25 گۆڵی لێبووە..

# چیلییەکان بۆ براڤۆ: عەیب و شورەییە لە بارسا بمینیتەوە

**رووداوی وەرزشی - CNBC**

سەرەتا کە کلاودیۆ براڤۆی گۆڵپارێزی چیلی پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانییەوە کرد، هەموو چیلییەکان شانازیان پێوەدەکرد، بەڵام ئێستا داوای لێدەکەن ریزەکانی ئەو یانەیە جێبهێڵێت و پێیانوایە عەیب و شورەییە بۆ ئەو لەگەڵ بارسا بمێنێتەوە.

رۆژنامەی ئیل کۆنفیدونسیالی ئیسپانی لە رۆژنامەکانی چیلی گواستووەتەوە کە ئێستا هەموو ئەو چیلییانەی شانازیان بە چوونی براڤۆ بۆ بارسا دەکرد، بە عەیب و شورەیی دەزانن لە بارسا بمێنێتەوە بەهۆی ئەو ستەمەی لەلایەن لویس ئێنریکی راهێنەرەوە لێیدەکرێت.

ئەو رۆژنامەیە باس لەوەدەکات کە چیلییەکان پێیانوایە براڤۆ ئێستا یەکێکە لە باشترین گۆڵپارێزانی جیهان و رۆڵی سەرەکی هەیە لە ئەنجامە باشەکانی بارسا، کەچی راهێنەر لە بەشداریکردن لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای بێبەشکردووە و دەڵێن «ئێنریکی ستەم لە باشترین گۆڵپارێزی جیهان دەکات بۆ ئەوەی گۆڵپارێزێکی وەک تیر شتیگنی ئەڵمانی رازی بکات، کە ئاستی زۆر دوورە لە براڤۆ». ئەوان هەروەها دەشڵێن «نابێ راهێنەری یانەیەکی وەک بارسا هێندە پیشەگەر نەبێت، بەرژەوەندی یانەکەی بە قوربانی رازیکردنی گۆڵپارێزێک بکات». بۆیە چیلییەکان دەپرسن «کێ وەک براڤۆی کردووە؟ لە 46 یاریدا تەنیا 25 گۆڵی لێبووە». بۆیە رووی قسەکانیان لە براڤۆ دەکەن و دەڵێن «عەیب و شورەییە لە بارسا بمینیتەوە».


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (377) سێشەممە 2015/12/1 10ی سەرماوەز 2715 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


بەرازیلییەکان دەڵێن..

# "نیمار مردووە"

"بەهۆی ئازاری ددانەوە دووجار سەردانی پزیشکی کردبوو"



براوەکانی چلوسێیەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی):

1ـ هاودەنگ خەسرەو. 2ـ ئەحمەد سامی. 3ـ چاوان نووری. 4ـ هیمداد خدر. 5ـ ئەحمەد رزگار

8



3


کاندیدی باڵۆن دۆری 2015

5



"بنزیمە بای بای، چونکە فەرەنسا تەنیا بۆ فەرەنسییەکانە"

3



## دەبێتە نێودەوڵەتی

هەرێز جەمال

فیدراسیۆنی باڵەی جیهانی FIVB خولی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کۆتاییپێهێنا، کە لە جەزائیر بەڕێوەچوو. تێیدا ناوبژیوانێکی شاری سلێمانی توانی بڕوانامەی خولەکە بەدەستبێنێت. شوان عەلی تاکە ناوبژیوانی شاری سلێمانی و کوردستان و عێراق بوو بەشداری تێدا کردو سەرکەوتووانە خولەکەی تەواوکردو بڕوانامەی بەشداری وەرگرت. خولەکە، 10 ڕۆژ بەردەوامبوو، کە تێیدا وانەکان بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی دەخوێنران و لە کۆتاییدا ناوبژیوانانی بەشداربوو بڕوانامەی بەشداری خولەکەیان بەدەستهێنا. بەمەش ناوبژیوانەکەی کورد لە ئێستا بەدواوە مافی بەڕێوەبردنی یارییەکانی تۆپی باڵە لە دەرەوەی وڵات دەبێت و دەشبێتە یەکەم کورد ئەو بڕوانامەیە بەدەستبێنێت.

**دلێر حاتم، گۆڵپارێزی یانەی وەرزشیی هەولێر:**

# لە قۆناخی دووەمی خولی عێراقدا چاوەڕوانمان بن



دلێر حاتم، یەکێکە لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی ئێستای کوردستان، ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕیزی یانەی وەرزشیی هەولێر یاریدەکات، پێشووتریش ڕۆڵی کارای بینیوە لەگەڵ یانەکانی هەندرێن و سلێمانی. ئەو گۆڵپارێزە کە لەدایکبووی ساڵی 1988ی شاری هەولێرە، ماوەی چەند وەرزێکە لە هەردوو خولی نایابی عێراق و کوردستان بەرگری لە گۆڵی یانەی وەرزشیی هەولێر دەکات. (ڕووداوی وەرزشی) لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی کرد و ئەویش هەموو پرسیارەکانی وەڵامدایەوە:

هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی

**ڕووداوی وەرزشی: ئێستا ئاستی یانەی وەرزشیی هەولێر چۆن دەبینی؟**

**دلێر حاتم:** ئێستا ئاستی یانەی وەرزشیی هەولێر بەباشی دەبینم، سەرەڕای کۆمەڵێک کەم و کوڕی بەهۆی گرفتە داراییەکانەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەردەوامین و گەشبینم بە ئاستی تیپەکەمان.

**ڕووداوی وەرزشی: ماوەیەکە ناتبینین یاری بکەی هۆکاری ئەوە چییە، ئاستت دابەزیوە یان یاریت پێ ناکەن؟**

**دلێر حاتم:** نەخێر، لە سەرەتای خولەکەوە من تووشی پێکان بووم و بەهۆیەوە بۆ ماوەی دوو مانگ لە یاریکردن دوورکەوتمەوەو نەمتوانی لە یارییەکاندا دەرکەوم، بەهیوای ئەوەم بتوانم زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم و ئاستێکی بەرزتر پێشکەش بکەم.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەمساڵ یانەی هەولێر پلانێکی باشتری هەبووە بۆ پشتگیریکردنی یاریزانانی کورد، تۆ لەگەڵ ئەوەی بەمشێوەیە بەردەوامبێت؟**

**دلێر حاتم:** بەڵێ، من وەک یاریزانێکی کورد لەگەڵ ئەوەدام و پێویستە بەتەواوی پشتگیری یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان بکرێت. کە لە ڕاستیدا زۆر یاریزانی باشمان هەیە.

**«ئەگەر یەدەگیش بم هەر لە یانەی هەولێر ناڕۆم»**

**ڕووداوی وەرزشی: کەواتە لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانانی کورد ببەستن؟**

**دلێر حاتم:** بێگومان ئەوە کارێکی زۆر باشە، بەهیوای ئەوەم یانەکانمان زیاتر پشت بەتواناکانی یاریزانان و ڕاهێنەرانی کورد ببەستن.

**ڕووداوی وەرزشی: گەڕانەوەی کاوە ئیبراهیمی ڕاهێنەری گۆڵپارێزانی یانەکەتان تا چەند دەتوانێت ئاستی ئێوە باشتر بکات؟**

**دلێر حاتم:** لە ڕاستیدا کاپتن کاوە کەسێکی زۆر بەتوانایە، ئەزموونێکی زۆری هەیە. بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئاستی گۆڵپارێزەکانی یانەی هەولێر بەرزتر بکاتەوە.

**ڕووداوی وەرزشی: جیاوازی لە نێوانتان دەکات وەک گۆڵپارێزەکان، یان بەپێی ئاست و تواناکانتان یاریتان پێدەکات؟**

**دلێر حاتم:** نەخێر، بەهیچ جۆرێک نەمبینیوە جیاوازی بکات، خۆی پێوەری تایبەتی هەیە، کە بەهۆیانەوە دەزانێت لە یارییەکاندا یاری بە کام گۆڵپارێز بکات.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەمساڵ هیچ گرێبەستت بۆ هاتبوو لەلایەن یانەکانی دیکەوە؟**

**دلێر حاتم:** بێگومان چەند گرێبەستێکم بۆ هاتبوو، بەڵام هەر لە هەولێر بەردەوامبووم.

**ڕووداوی وەرزشی: پێشبینی چی دەکەی بۆ ئەنجامی یانەی هەولێر لەم وەرزەدا؟**

**«چەندین گرێبەستم لەپێناو یانەی هەولێر ڕەتکردووەتەوە»**

**دلێر حاتم:** ئەوەی ڕاستی بێت بەهۆی دڵسۆزی یاریزانان و دەستەی کارگێڕی و ڕاهێنەران، لەو بڕوایەدام بتوانین ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین لە یارییەکانی قۆناخی دووەم، با هاندەران چاوەڕوانمان بن. هیوادارم ئەنجامەکانمان بە دڵی هەموو لایەک بن.

**ڕووداوی وەرزشی: گرفتی یانەی وەرزشی هەولێر لە چیدا دەبینی؟**

**دلێر حاتم:** بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی سەرجەم جومگەکانی گرتووەتەوە لە هەرێمی کوردستان، یانەکەشمان لەم قەیرانە داراییە بێبەش نییەو ئەوە هۆکاری سەرەکی گرفتەکانمانە.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەگەر هەر بەمشێوەیە لەسەر کورسی یەدەگ بمێنیتەوە، بەردەوام دەبی لەگەڵ یانەی هەولێر؟**

**دلێر حاتم:** من یاریزانی یانەیەکی گەورەو بەهێزم، هەموو کات ئامادەم لە خزمەت ئەم یانەیە بم، جا بەهەر شێوەیەک بێت. یەدەگ بم یان سەرەکی.

**ڕووداوی وەرزشی: بە چ گۆڵپارێزێکی ناوخۆیی و جیهانی سەرسامیت؟**

**دلێر حاتم:** لەسەر ئاستی جیهاندا زۆر سەرسامم بە ئیکەر کاسیاسی گۆڵپارێزی ئیسپانی، لەسەر ئاستی ناوەخۆش زۆر گۆڵپارێزی بەتوانامان هەیە، کە من پێیان سەرسامم.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەگەر شتێکت ماوە بیڵێی؟**

**دلێر حاتم:** دەستخۆشی لە (ڕووداوی وەرزشی) دەکەم کە بەردەوامە لە خزمەتکردن بە ڕەوتی وەرزشیی لە هەرێمی کوردستان و هەمیشە بەداوادچوون بۆ گرفتەکانی بواری وەرزش دەکات، بەهیوای ئەوەم بەردەوامبن لە خزمەتکردن.

# کەرکووک لەبەر دڵی وەرزشکارانی بەشداری لە خولی کوردستان دەکات

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ کەرکووک**

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی کەرکووک بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «ئێمە لەبەر دڵی هاندەران و یاریزانانی شارەکەمان بەشداری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەکەین». سەرچاوەیەکیش دەڵێت «کەرکووک لە ترسی دابەزین لە خولی نایاب بەناچاری بەشداری خولەکە دەکات».

هەرچەندە کەرکووکییەکان بەرنامەی بەشداری کردنیان لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان نەبووە، کە بڕیارە لە 24ی ئەم مانگە یارییەکانی بە بەشداری 13 یانەی شارەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەڵام بەرپرسەکانی ئەو یانەیە دەڵێن «لەبەر خاتری جەماوەر و یاریزانەکانمان بەشداری لە خولەکەدا دەکەین».

لەو بارەوە سیروان نەجمەدین، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکووک بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «هەرچەندە ئێمە سەرەتا بەنیاز نەبووین بەشداری لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی وەرزشکارانی شاری کەرکووک و یاریزانانی یانەکەمان بێبەش نەبن لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کورستان، بڕیارماندا لەبەر دڵی هاندەران و یاریزانانی شارەکەمان بەشداری بکەین». ئەو بەرپرسەی یانەی کەرکووک دووپاتیکردەوە «هەرچەندە هیچ ئامادەکارییەکانمان نەکردووە بۆ یارییەکانی ئەم وەرزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پلانمان دەبێت بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی داهاتوو کۆبوونەوەی بەپەلە بکەین بۆ یارییەکان».

لە بارەی وەرگرتنی بەڵێنیش لە بەرپرسانی شارەکەیان، سیروان نەجمەدین گوتی »ئێمە تاوەکو ئێستا هیچ بەڵێنێکمان لە هیچ کەسێک وەرنەگرتووە، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە کۆبوونەوەکانی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری پێویست بکەین بۆ ئەم دۆخەی یانەی کەرکووک». لە بارەی قەرزەکانی یاریزانانی یانەکەش، ناوبراو گوتی «ئێمە پارەی گرێبەستی دوو ساڵی یاریزانانی خۆمان و دوو مووچەی یاریزانانی خۆمان نەداوە».

بەپێچەوانەی ئەو پاساوەی کەرکووکییەکان بۆ بەشداریکردنیان لە خولی نایابی کوردستان دەیهێننەوە، هەندێک سەرچاوە دەڵێن «کەرکووکییەکان هیچ ئامادەکارییەکیان نەکردووە بۆ وەرزی نوێی خولەکە و بەنیازی بەشداریکردن نەبوون، بەڵام لە دوایین کۆبوونەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کەرکووک لە ترسی دانەبەزینی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان، بڕیاری بەشداریکردنی داوە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان».



**لە هەڵەبجەی شەهید..**

# خولی پاڵەوانانی شار بەردەوامە

**ڕەوا عەلی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەڵەبجەی شەهید**




تیپی وەرزشی بڕیار لە هەڵەبجەی شەهید، کە تیپێکی دێرینی شاری هەڵەبجەیە، خولێکی تۆپی پێی بۆ 16تیپی پلەیەکی شارەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجەو سلێمانی بەناوی «خولی پاڵەوانانی شار» کردەوەو یارییەکان لە یاریگەی شاهۆ حەمە فەرەج بە سەرپەرشتی چەند ناوبژیوانێکی خاوەن ئەزموون بەڕێوەدەچن.

14 تیپی شاری هەڵەبجە لەپێش خولەکەدا خولێکی پاڵاوتنیان بۆ کرایەوە کە تێیدا لە کۆی ئەو 14 تیپە پلە یەکەی شارەکە تەنیا 4 تیپ توانیان سەرکەون بۆ ئەم خولە. دواتر 12 تیپ کە هەریەکەیان یەکەمی پلە یەکەکانی شارەکانی خۆیان بوون بانگهێشتکران بۆ ئەم خولە و ژمارەیان بوو بە 16 تیپ. تیپەکان دابەشکراون بۆ سەر 4 گرووپ و یارییەکانیش بەشێوەی مۆندیال واتە تیپەکان بە ڕیزبەندی خاڵ سەردەکەون بۆ قۆناخی داهاتوو.

بێستون محەممەد، سەرپەرشتیاری خولەکە ئامانجی خولەکەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ڕوونکردەوەو گوتی «وەک خەمخۆرێکی بواری وەرزشی هەستمان بەوەکرد کە وەرزشی شارەکەمان بەرەو ئاقارێکی خراپ دەچێت و گەنجانی شارەکەمان خەریکە تەواو نائومێد دەبن لەوەی دڵسۆزیان نەماوە، بۆیە ئامانجی سەرەکیمان لە کردنەوەی ئەم خولە برەودانە بە بواری وەرزشی لە کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەڵەبجە بەتایبەتی. هەروەها ئامانجمان ئاشناکردنی تیپ و یاریزانانی سنووری ئەو دوو پارێزگایەیە بەیەکدی تاوەکو لە ڕێگەی وەرزشەوە پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە کوردستاندا بڵاوبکەینەوە». بێستۆن گوتیشی «بە پشتیوانی خودا و دڵسۆزانی وەرزشی شارەکەمان، بڕیارمانداوە خولەکە وەک نەریتێکی ساڵانە هەموو ساڵێک بۆ پاڵەوانانی سەرجەم شارەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی بکەینەوەو بوژانەوەیەکی وەرزشی لە کوردستاندا بە ئەنجام بگەینین».

ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە حەزیان دەکرد پاڵەوانانی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکیش بانگهێشت بکەن، بەڵام وەک خۆی گوتی «بەداخەوە تێچووی زۆر و دووری ئەو دوو پارێزگایە لە شاری هەڵەبجەوە، وایکرد نەتوانین بەشداریان پێبکەین، هیواداریین لە ئایندەدا بتوانین ئەم خولە بە بەشداری سەرجەم پاڵەوانانی هەموو پارێزگاکانی کوردستان بکەینەوە و وەک خولێکی بەهێز لە کوردستاندا بناسرێت».





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411

korektel.com

ژمارە (377) سێشەممە 2015/12/1

## دڵخۆشە



بـە پێـی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی دۆلۆریس ئەفیرۆی دایکی کریسـتیانۆ رۆناڵدۆی ئەسـتێرەی پورتوگالی دڵخۆشـی خۆی راگەیاندووە کاتێک زانیویەتی رۆناڵدۆی کوڕی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ماریسای کچی خۆرخێ میندێزی بەڕێوەبەری کارەکانی رۆناڵدۆ هەیەو لەو بارەوە دەڵێن «دایکی دۆن زۆر دڵخۆشە، بڕیاریداوە هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە درێژە بکێشـێت و کوڕەکەی و ماریسـا بە ئاشـکرا رابگەیەنن کە دۆسـتی یەکدین و دواتریش کار بۆ ئەوە بکەن کە ئاهەنگی زەماوەندیان سازبکەن».

بۆ ئەوەی سیناریۆی 2010 دووبارە نەبێتەوە..

# بنزیمە بای بای لە یۆرۆی 2016 دەکات



«ئێستا هەموو فەرەنسییەکان رقیان لە بنزیمەیە و دەڵێن فەرەنسا تەنیا بۆ فەرەنسییەکانە»

رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

فەرەنسـییەکان دەڵێن «فەرەنسا بەس بۆ فەرەنسـییەکانە، بۆیە چیدی رێگـە بە کەریم بنزیمـەی بە رەگەز جەزائیـری نادەین یاری بۆ هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانی فەرەنسا بکاتەوە». بـە گوێـرەی هەواڵێکی رۆژنامـەی لیکیپی فەرەنسـی، هەموو فەرەنسییەکان ئێستا دژی مانـەوەی بنزیمەن لـە ریزەکانـی هەڵبژاردەی فەرەنسـا و داوا دەکەن بەشـداری لـە یۆرۆی 2016دا نـەکات و لـەو بـارەوە نووسـیویەتی «بەشـێکی فەرەنسـییەکان نایانـەوێ بنزیمە لەگـەڵ هەڵبـژاردەی فەرەنسـا بمێنێتـەوە بۆ ئـەوەی سـەقامگیری هەڵبـژاردەی وڵاتەکەیان پارێـزراو بێـت و سـیناریۆی مۆندیالـی 2010 دووبارە نەبێتەوە، کێشەو دووبەرەکی نەکەوێتە نێـو یاریزانان لـە ژووری جلگۆڕیندا، هەندێکی دیکـەش، بەتایبەتی راسـتە توندڕووەکان بە دیدێکی رەگەزپەرسـتانە سـەیری بنزیمەی بە رەگەز جەزائیری دەکەن و پشتی ماتیۆ ڤالبوینا دەگرن و داوا دەکەن چیدی رێگە نەدرێت بنزیمە درێـسـی هەڵبژاردەی فەرەنسا لەبەربکاتەوە». بـە پێی ئەو رۆژنامەیە «ئـەوان دەڵێن بنزیمە هەمیشە سـووکایەتی بە سروودی نیشتیمانیی فەرەنسـا دەکات، بۆیـە فەرەنسـا تەنیـا بـۆ فەرەنسییەکانە».

رۆژنامـەی لۆپاریزیانیـش بەهەمانشـێوە راپۆرتێکـی لەو بـارەوە بڵاوکردووەتەوەو تێیدا هاتووە کە دوای لێدوانەکانی ئەم دواییەی ماتیۆ ڤالبوینا، کـە رەخنـە لـە بنزیمـە دەگرێـت، زۆربەی فەرەنسـییەکان رقیـان لـە بنزیمەیـە و گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە نابێ ئەو یاریزانە جارێکی دیکە درێسـە شـینەکەی فەرەنسـا لەبەربکاتـەوەو دەڵێـن «ئێمـە نامانەوێت یاریزانێـک یاریمـان بۆ بکات، کـە وڵاتەکەی خۆی خۆش نەوێت، سروودی نیشتیمانییەکەی نەڵێتەوە، کێشە بۆ هاورێکانی دروست بکات، لەنێو یاریگەشدا هاندەران فیکەی بۆ لێبدەن و بارودۆخی تیپەکەی تێکبدات».

رۆژنامەکانی فەرەنسا هاوڕان لەسەر ئەوەی بنزیمە بێبەش دەبێت لە بەشداریکردن لە یۆرۆی 2016.

## هەموو شتێک لەبارەی فڕۆکە تایبەتەکەی رۆناڵدۆ

**رووداوی وەرزشی ـ RT**

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی و یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، فڕۆکەیەکی تایبەتی کڕیوە بۆ ئەوەی لە گەشت و سەفەرەکانیدا سوودی لێوەبگرێت.

سەرچاوەیەکی نزیک لە دۆن کریستیانۆ، زۆر نهێنی لە بارەی ئەو فڕۆکە تایبەتەی رۆناڵدۆ ئاشکرادەکات و دەڵێت «نرخەی فڕۆکـە تایبەتەکەی رۆناڵدۆ لە سـەرووی 19 ملیـۆن یۆرۆیە، دەیەوێ زۆر لە گەشـتەکانی خۆی بەو فڕۆکە ئەنجام بدات». هەروەها ئەو سـەرچاوەیە باس لـەوە دەکات کە رۆناڵدۆ لەبەر چەندین هۆکار ئەو فڕۆکەیەی کڕیوە، لەوانە گەشـتی دەرەکی گەلێک زۆرە، خۆیشی زۆر شەیدای سواربوونی فڕۆکەیە.

ئەو سـەرچاوەیە زیاتر باسی فڕۆکەکەی دۆن دەکات و دەڵێت «فڕۆکەکە چەندین ئامێـری کارەبایی تێدایـە، مۆدیلەکەی تازەیـە و لـە جـۆری G200ە، کەل و پەلەکانـی ناوی نوێترینـن، فڕۆکەکە شوێنی 8 تاوەکو 10 کەس دەکاتەوە و شـوێنی ئامادەکردنی خواردنەوەی تێدایە، لەگەڵ مایکرۆف و بەفرگر».

رۆناڵـدۆ، بەوە ناسـراوە کە زۆر حەزی لە سـواربوونی فڕۆکەیە، لە زۆربـەی گەشـتەکانی دەرەوەی بە فڕۆکەی تایبەت سەفەری کردووە.



شەیتانە سوورەکان 2 داواکاریان لە فێرگسۆن هەیە..

## دەیانەوێ ببێتە پارێزگاری شارەکەیان و رۆناڵدۆیان بۆ بێنێتەوە



**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

شـاری مانچستەری ئینگلیـزی و خەڵکەکـەی ئـەو دەستکەوتانەیان لەیاد نەکردووە، کە سـێر ئەلیکس فێرگسـۆن لەگـەڵ یانـەی مانچسـتەر یونایتد بەدەسـتیهێناون، کە توانـی لەگـەڵ یانەکە باشـترین سـەردەم لە مێژوویدا دروست بکات. بۆیە دوو داواکاریان لێی هەیە.

هەرچەندە سـێر وازی لـە راهێنەرایەتـی هێناوە، کەچی دانیشـتوانی ئەو شارە دەیانەوێ لێهاتوویی و توندییەکەی لە بواری دیکە بقۆزنەوە. لەو بارەوە رۆژنامـەی میتـرۆ باس لـەوە دەکات، زۆر لە هاوڵاتیانی مانچسـتەر پشتگیری لەوە دەکەن پیرەمێردە سـکۆتلەندییەکە ببێتە سـەرۆکی شارەوانی شـارەکەیان، بـۆ ئـەوەی ببێتـە پارێـزگار، هەرچەندە ناوی پاڵێـوراوەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2017 رانەگەیێندراوە، وەلێ هەندێ ماڵپەر راپرسـیان ئەنجامداوە بۆ وەرگرتنی رای دانیشـتوانی شاری مانچستەر لەبارەی کەسـی شـیاو بـۆ ئەو پۆسـتەو لە ئەنجامـی زۆربەیاندا بە روونی دەرکەوتووە کە فێرگسۆن لە پێش چەندین کەسایەتی ناسراو دێت و خاوەنی زۆرینەی دەنگەکانە، ئەگەر ئەو بیەوێ خۆی بپاڵێوێت.

### گاری نیڤیلیش پاڵێوراوە

هەر لەچوار چێوەی ئەو پرسـکردنەدا، کە هەندێ ماڵپـەری بایەخدەر بـە ئایندەی ئەو شارە ئینگلیزییە، دەرکەوتووە ئەستێرەکانی پێشووی مانچسـتەر یونایتد خاوەن زۆرترین دەنگـن و لـە پێـش سیاسـەتوان و کەسـە بەناوبانگەکانی بوارەکانی دیکە دێن، بۆ نموونە گاری نیڤیل بەرگریکاری پێشووی مانچستەر یونایتـد لەلایـەن دانیشـتوانی ئـەو شـارە پشـتگیرییەکی زۆری لێدەکرێـت، بۆ ئەوەی خـۆی بۆ هەمان پۆسـت بپاڵێوێـت، هەندێ کەس گرەوی لەسـەر دەکـەن بەوەی دەبێتە پارێزگارێکی گونجاو بۆ شـاری مانچسـتەر، بە پێچەوانـەی ئەمە زۆر کەس لە هاوڵاتیانی مانچسـتەر پشتگیری لە پێشـنیازی هەندێ کـەس ناکەن، بـەوەی دێڤید مویس خۆی بۆ هەمان پۆسـت بپاڵێوێت، چونکـە زۆربەیان پێیانوایە شکستهێنانی لە قەرەبووکردنەوەی سێر ئەلیکس فێرگسـۆن لەماوەی رابردوودا، دەیسەلمێنێ کە ئەو ناتوانێت بەرپرسیاریەتی گـەورە لە ئەسـتۆ بگرێت، بۆیـە ئامۆژگاری دەکەن بیر لەو شـتە هـەر نەکاتەوەو بەهیچ شێوەیەک خۆی نەپاڵێوێت.

### رۆناڵدۆشیان دەوێت

بێجگە لەوەی مانچسـتەرییەکان دەیانەوێ فێرگسـۆن ببێتـە پارێـزگاری شـارەکەیان، هەروەها دەشـیانەوێت ئەو کار بۆ رازیکردنی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەسـتێرەی پورتوگالی بـکات، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ریزەکانی یانەی شەیتانە سوورەکان. ئەوان پێیانوایە فێرگسۆن تاکە کەسـە کە بتوانێـت رۆناڵدۆ رازی بکات بگەڕێتەوە یانە کۆنەکـەی خۆی، بۆیە داوای لێدەکەن قسـە لەگەڵ رۆناڵدۆ بکات و بڕوای پێبێنێـت کە بگەڕێتەوە مانچسـتەر یونایتد. لـەوب راوەوە رۆژنامـەی تیلیگرافـی بەریتانی رایگەیاند «خەڵکی شاری مانچستەر داواکارن لە فێرگسۆن رۆناڵدۆیان بۆ بگەڕێنێتەوە».

بە قسەی بەرازیلییەکان..

# نیمار بەرازیلی بەقوربانی بارسا کردووە



«بەرازیلییەکان پێیانوایە نیمار لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل وەک مردوو وایە»

«نیمار چەند لەگەڵ بارسا باشتردەبێت لەگەڵ سامبا خراپتر دەبێت»

**ئا: رووداوی وەرزشی**

زۆر لـە بەرازیلییـەکان رەخنە لە نیمار دا سیلڤا دەگرن و پێیانوایە ئەوەندەی بۆ بارسـێلۆنا خۆی مانـدوو دەکات ئەوەندە بایـەخ بـە هەڵبـژاردەی بەرازیـل نادات. سـەرچاوەیەکی نزیک لە نیماریش دەڵێت «باش یارینەکردنـی نیمار لە دوایین دوو یاری هەڵبـژاردەی بەرازیل بەهۆی ئازاری ددانەوە بووە».

لـە کاتێکـدا کـە نیمـار ئێسـتا بـەو ئاسـتە بـەرزەی لەگەڵ یانەی بارسـێلۆنا پێشکەشـی دەکات بووەتـە جێگـەی سـەرەنجی هەمـوو جیهـان، تـا ئـەو راددەیەی هەندێک بە رکابەرێکی سەرەکی لیۆنێل مێسـی ئەرجەنتینی و کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆی پورتوگالـی دەیزانـن، کەچـی بەرازیلییـەکان رەخنـەی لێدەگرن بەهۆی ئـەوەی لە دوایین دوو یـاری هەڵبژاردەی سـامبا لە پاڵاوتنەکانی ئەمریکای باشوور بـۆ مۆندیالی 2018ی رووسـیا، بەرامبەر هەڵبژاردەکانـی ئەرجەنتیـن و پیـرۆ ئاستێکی خراپی پێشکەشکرد.

رخنەکان گەیشتنە ئاستێک کە زۆر لە بەرازیلییەکان پێیانوایە نیمار بە ئەنقەست کەمتەرخەمی دەکات و دەڵێن «ئەوەندەی خەمی بارسـێلۆنای هەیە، ئەوەندە بیر لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ناکاتەوە»، ئەمەش هەمان ئەو سیناریۆیەیە کە ماوەیەکی زۆر لیۆنێل مێسـی هاورێی نیماریش بەدەست ئەرجەنتینییەکانـەوە بینـی. چونکـە ئەرجەنتینییەکانیـش هەمـان تۆمەتیـان دەدایە پاڵ مێسی.

بەرازیلییەکان لـە زۆر رۆژنامەو ماڵپەڕ و لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ئـەو رەخنانەیـان ئاراسـتەی نیمـار کـردووە. رۆژنامەیـەک نووسـیویەتی «نیمار تەنیا بیر لە بەرژەوەنـدی خۆی دەکاتەوە، ئەو دەزانێت کە زیاتر لەگەڵ بارسا یاریدەکات و دەتوانێت لـەوێ زیاتر دەرکەوێت، بۆیە گرنگـی کەمتـر بە هەڵبـژاردەی سـامبا دەدات». ماڵپەڕێکیش نووسیویەتی «زۆر سـەیرە، بۆچی بۆ بارسا بەو ئا ستە بـەرزە یـاری دەکات، کەچـی بۆ

بەرازیـل وەک یاریزانێکـی ئاسـایی دەردەکەوێت، خۆ هەر هەمان یاریزانە ؟!».

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هاندەرانی هەڵبـژاردەی بەرازیل بە چەندین کۆمێنت رەخنەیان لە نیمـار گرتووە، کە لەوانەیە سەرەنجڕاکێشـترینیان ئەوەبێـت، کـە یەکێک نووسیویەتی «نیمار مردووە، ئەو چەند لەگەڵ بارسـا باشـتردەبێت لەگەڵ سامبا خراپتر دەبێت».

لەگـەڵ هەمـوو ئـەم رەخنانـەدا، هێشـتا هەندێک هـەن بەرگری لـە نیمار دەکەن و پاسـاو بۆ ئەو ئاسـتە خراپەی دەهێننـەوە، کـە لـە دوایـن دوو یاری هەڵبـژاردەی بەرازیل لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالدا پێشکەشـی کرد. چەند رۆژنامەیەکـی بەرازیل لەسـەر زاری سـەرچاوەیەکی نزیـک لە نیمار بڵاویانکردووەتەوە کـە هـۆکاری ئەو ئاسـت خراپیـەی نیمار ئـازاری ددان بـووەو نووسـیویانە «پێویسـتە بەرازیلییـەکان ئـەو راسـتییە بزانن، کە ئـەوکات نیمـار تووشـی ئازارێکـی زۆری ددانەکانی ببوو، دووجار سەردانی پزیشکی ددانـی کردبـوو، ئـەوەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی یاریکردنی هەبوو».



## ڕاستە

چەند ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی ئاشکرایانکرد کە بەرپرسانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی سوورن لەسەر گرێبەستکردن لەگەڵ ئەلیکسس سانچێزی هێرشبەری پێشووی یانەی بارسێلۆنا و ئێستای ئارسناڵی ئینگلیزی و لەو بارەوە نووسیویانە «ڕاستە، بەرپرسانی ریال مەدرید هێشتا دەستبەرداری ئەو هەوڵەیان نەبوونە کە ماوەیەکی زۆرە بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی ئەلیکسس سانچێز دەیدەن. ئەوان لە هەوڵێکی نوێدا دیانەوێت بە 50 ملیۆن یۆرۆ بەرپرسانی ئارسناڵ ڕازی بکەن بۆ ئەوان دەستبەرداری سانچێز ببن».



### لە ترسیان تۆقیوە..

# داعش پیاسەکانی پاریسی لە مۆرا حەرامکردووە

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

لۆکاس مۆرا، ئەستێرەی بەرازیلی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی ڕاشکاوانە دانی بەوەدانا کە لەدوای تەقینەوە تیرۆریستییەکانی پاریس، ترسی تیرۆریستانی کەوتووەتە دڵی و پیاسە خۆشەکانی پاریسی لێ حەرام بووە.

لۆکاس مۆرا، لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی مۆنتی کارلۆی فەرەنسی دانی بەوەدانا کە ئێستا لە ترسی کاری تیرۆریستی ناوێرێ بە ئارەزووی خۆی بەناو شاری پارسیدا بگەڕێت و گوتی "ئێستا وەکجاران ناتوانم لە ماڵ دەرچم و لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بسووڕێمەوە، بەهۆی ناسەقامگیری فەرەنسا لەوەتەی تەقینەوەکانی ئەم دواییە ڕوویان داوە، کە بەداخەوە سەدەها کەس بوونە قوربانی". مۆرا هەروەها گوتیشی "دەرچوونم لە ماڵەوە تەنیا بۆ ناوەندی ئۆریدۆ بۆ مەشقەکان دەبێت، پاشان بە خێرایی دەگەڕێمەوە ماڵەوە".

مۆرا، لەبارەی ئەو ڕەوشەی پاریس، زیاتر گوتی "وابزانم شتێکی ئاساییە بەهۆی ئەو ڕووداوانە لە ماڵەوە بمێنمەوە، دوای تەواوبوونی مەشقەکان یەکسەر دەچمە ماڵەوە لە گەڵ خێزانەکەم دەبم، هیواخوازم ئەو ڕەوشە درێژە نەکێشێت، چونکە من شەیدای پاریسم، حەزدەکەم لەگەڵ خێزانەکەم لە شوێنە جوانەکان پیاسە بکەم، لەبەرئەوەی هەرچی ڕوودات دەبێت ژیان بەردەوام بێت".





# لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

### بەسەرهاتەکانی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا «من زلاتانم» باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکات، کە پێدەچێت لە منداڵیدا ژیانێکی زۆر هەژار و سەختی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەڕێکردبێت.

### باوکە گاوانەکەم

دەستم بە ڕاکردن و جوولەکردن لە هەموو شوێنێک کردەوە، شتێک هەبوو لە ناخەوە دەیسووتاندم، باوکیشم بە شێوەیەکی ناخۆش ئاگاداری دەکردمەوە، زۆر شت لە قوربانیدانەوە فێربووم.. لەبیرمە باوکم منی بردەوە ئیکیا بۆ ئەوەی سیسەمێکی بچووکی تازەم بۆ بکڕێت.. دوای ئەوەی کرێی پارەی پێنەبوو پێی ببەینە ماڵەوە.. پارەیەکی کەم بوو بەڵام نەیبوو.. بۆیە بڕیاریدا سیسەمەکە بخاتە سەر پشتم! بەرەو ماڵەوە چووینەوە و ئەو ماوەیە درێژەمان بڕی و ئەو یارمەتی دەدام.. ئەو شێوازە سەیرەی هەبوو.. هەندێجار جلی گاوانەکانی لەبەر دەکرد و دەهاتە کۆبوونەوەی باوکان لە قوتابخانە.. هەموو سەرنجیان دەدا: ئەوە کێیە؟ لێی دەترسان.. بە تایبەتی ئەو مامۆستایانەی لە ترسی ئەو نەدەوێران سزام بدەن. بەڵێ مامۆستاکانم لە شێوەو ڕوخساری باوکم دەترسان.

### دز و تاوانبار

دوای ئەو هەموو شتە.. لەوانەیە کەسێک لێم بپرسێت: چیت دەکرد ئەگەر نەبوویتایەتە یاریزانی تۆپی پێ؟ ڕاستییەکەی نازانم.. بەڵام لەوانەیە ببمایە کەسێکی تاوانکار! بەڵێ.. لەو کاتانەدا تاوان لە هەموو شتێک زیاتر چواردەوری دابووین.. لە ڕاستیدا دزیم دەکرد، زۆر حەزم لە پایسکل دزین بوو، ئەو شتەی زیاتر دڵخۆشی دەکردم ئەوەبوو کە باوکم بەمەی نەدەزانی.. دەیخواردەوە، بەڵێ هەندێ هێڵی سووری هەبوو: پیاو نابێت شتی خراپ بکات لەوانە دزی بکات.. لە ڕاستیدا باوکم دەیکوشتم ئەگەر بیزانیبووایە من پیشەم بووەتە دزیکردن. سوپاس بۆ خوا کە ئەو بۆ تەنیا جارێکیش بەوەی نەزانی کە من دزی دەکەم.

### دەمارگیر و دڵڕەق

هەرگیز کەسێکی سۆزدار نەبووم.. هەر لە منداڵییەوە منیش دەمارگیر بووم، ئەو شتە ناخۆشانەم دەکرد و لەگەڵ هاوڕێکانم بە توندی مامەڵەم دەکرد.. ئەو دڵرەقییە لەوانەیە وام لێبکات شێت بم یان تووڕە بم ئەگەر شتێک پەیوەست بێت بە منداڵەکانم فینسنت و ماکسملیان.. وابزانم دڵڕەقی هەندێ شتی باشی پێبەخشیووم.. ئەو فەلسەفەیەم لە دسپلین و لادان هەبوو.. قسەم دەکرد و تەنیا قسەکردن نەبوو، بەڵکو ئەوەی دەمگوت جێبەجێشم دەکرد.. دەتوانم باشتر بم، دەتوانم کەسێکی لەخۆباییش بم.. ئێستا نا ئەستێرە دەبێت ئەوها بێت، نەخێر هەرگیز.. من وام نەکردووەن چونکە پێموابوو کەمێک جیاوازم.. کەسێکی ئاژاوەچی، شێت بووم.. بەڵام خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆم بووم.





### ڕۆژنامەی AS ئیسپانی بەر لە کلاسیکۆ هۆشداری دابوو..

# بینیتێز پیاوی یارییە گەورەکان نییە

### «ڕافا لە بەرامبەر ڕکابەرە ڕاستەوخۆکانی تەنیا 42 %ی یارییەکانی بردووەتەوە»

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

ئاست و ئەنجامی یانەی ریال مەدرید لە یاری کلاسیکۆی ئەمجارەدا، ڕاستی ئەو ڕاپۆرتەی دووپاتکردەوە، کە بەر لە یارییەکە ڕۆژنامەی AS ی ئیسپانی لەسەر ڕافا بینیتێزی ڕاهێنەری ریال مەدرید بڵاویکردبووەو بە ژمارەو ئامار سەلماندبووی کە ئەو پیاوی یارییە گەورەکان نییە.

ڕۆژنامەی AS لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە بینیتێز بەهۆی ئەنجامەکانی لە یارییە گەورەکان لە خولەکانی ئیسپانیا، ئینگلتەرا و ئیتاڵیا، پێناچێت لە بلیمەتەکان بێت و نووسیبووی "ڕێژەی سەرکەوتنەکانی بینیتێز لەو 3 خولەدا لە بەرامبەر ڕکابەرە ڕاستەوخۆکانی تەنیا 42% بووەو ڕێژەی 24%ی یارییە گەورەکانیشی دۆڕاندووە، لەوەتەی لە وەرزی 2001 ـ 2002 بووەتە ڕاهێنەر، بەرامبەر یەکسانبوون لە 24%ی یارییەکانی".

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی ڕۆژنامە مەدریدییەکە بڵاویکردوونەتەوە. سەرەتای بینیتێز وەک ڕاهێنەر لەگەڵ یانەی ڤالنسیای ئیسپانی بووە، پاشان لیڤەرپوولی ئینگلیزی، ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، چێلسی ئینگلیزی و ناپۆلی ئیتاڵی، بەر لە گەڕانەوەی بۆ ریال مەدرید، بینتێز لەو ماوەیەدا 83 یاری گەورەی، لەدژی یانەکانی ریال مەدرید، بارسێلۆنا، مانچستەر یونایتد، مانچستەر سیتی، چێلسی، ئارسناڵ، لیڤەرپوول، ئینتەرمیلان، ڕۆما و یوڤانتۆس ئەنجام داوە.

لەسەر ئاستی هەموو یارییەکانیش، واتە بەرامبەر یانە گەورە و بچووکەکان، کە ژمارەیان 531 یارییە، ڕێژەی بردنەوەکانی ڕافا بینیتێز تەنیا 52% بووە، یەکسانبوونەکانیشی بە ڕێژەی 25% و دۆڕانەکانیشی بە ڕێژەی 23% بوونە.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



ڤان گال خێری بۆ مانچستەر یونایتد ناوێ، زۆر هەوڵمداوە ئەو ڕستەیە لە مێشکم دەربکەم، بەڵام جار بۆ جار زیاتر لە مێشکمدادەچەسپێت

پۆل سکۆلز
(یاریزانی پێشووی مانچستەر یونایتد)



زۆر بە ئۆلیڤەر کان پێکەنیم کە گوتی ڕۆناڵدۆ باڵۆن دۆر دەباتەوە، یان بەزیی پێداهاتووەتەوە، یاخود هیچ لە تۆپی پێ نازانێت، چونکە لە مێژە مێسی بردوویەتی

خافێر ماسکیرانۆ
(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەڵێم نەکەیت بگەڕێیتەوە مانچستەر یونایتد، چونکە زەرەرێکی زۆر دەکەی، تەنیا کۆمپانیاکانی ڕێکلام قازانج دەکەن

نیال کوین
(یاریزانی پێشووی یانەی ئارسناڵ)



هەر کاتێ مێسی لە شاشەی تەلەڤزیۆن دەربکەوێت هەموو جیهان لە شوێنی خۆی دەوەستێت، چونکە کاتێک تۆپ دەگاتە بەر قاچەکانی لەوانەیە شتێک بکات کە کەس نەیدیتبێت

ستیڤن کوری
(باشترین یاریزانی خولی باسکەی NBA)



لە منداڵیدا حەزم دەکرد ببمە پزیشک، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم پێیگوتم تۆ بۆ پزیشکی دەستنادەی، بۆخۆت بایەخ بە تۆپی پێی بدە

یۆرگن کلۆپ
(ڕاهێنەری انەی لیڤەرپوول)



هەرگیز شانازی بەوە ناکەم کە بەرامبەر نیمار ئەنجاممدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەنجامی یارییەکە و یاری نەکردنم لە سەرەتای یارییەکەوە تووڕەیان کردم

ئیسکۆ
(یاریزانی یانەی ریال مەدرید)

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

جامی ئیسپانیا
چوارشەممە 2/12/2015
10:00
بارسێلۆنا ـ ڤیلانۆڤینسی

جامی ئینگلتەرا
چوارشەممە 2/12/2015
10:45
ساوسهامتۆن ـ لیڤەرپوول

خولی ئیتالیا
هەینی 4/12/2015
10:45
لازیۆ ـ یوڤانتۆس

خولی ئەڵمانیا
شەممە 5/12/2015
05:30
مونشنگلادباخ ـ بایرن میونشن

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 14 )

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/12/5** | |
| ریال مەدرید ـ گیتافی | 06:00 |
| گرانادا ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 08:15 |
| ڤالێنسیا ـ بارسێلۆنا | 10:30 |
| دیپۆرتیڤۆ ـ سڤیلیا | 12:00 |
| ریال بیتیس ـ سێلتاڤیگۆ | 12:05 |
| **یەکشەممە 2015/12/6** | |
| ریال سۆسیداد ـ ئیبار | 02:00 |
| ڤیارڕیال ـ رایۆ ڤالیکانۆ | 06:00 |
| خیخۆن ـ لاس پالماس | 08:15 |
| ئەتلەتیک بلباو ـ مەلەگە | 10:30 |
| **دووشەممە 2015/12/7** | |
| ئیسپانیۆل ـ لیڤانتی | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بارسێلۆنا | 33 |
| 2 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 29 |
| 3 ـ ریال مەدرید | 27 |
| 4 ـ سێلتاڤیگۆ | 24 |
| 5 ـ دیپۆرتیڤۆ | 21 |
| 6 ـ ڤیارڕیال | 21 |
| 7 ـ ئەتلەتیک بلباو | 20 |
| 8 ـ ئیبار | 20 |
| 9 ـ ڤالێنسیا | 19 |
| 10 ـ سڤیلیا | 18 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ نیمار | بارسێلۆنا | 14 |
| 2 ـ سوارێز | بارسێلۆنا | 12 |
| 3 ـ ئادۆرێز | ئەتلەتیک بلباو | 10 |
| 4 ـ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 9 |
| 5 ـ ئیمانوێل | ریال سۆسیداد | 9 |




## خولی ئینگلتەرا ( هەفتەی 15 )

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/12/5** | |
| ستۆک سیتی ـ مانچستەر سیتی | 03:45 |
| ئارسناڵ ـ سەندەرلاند | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد ـ وێستهام | 06:00 |
| ساوسهامتۆن ـ ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| سوانزی سیتی ـ لیستەر سیتی | 06:00 |
| واتفۆرد ـ نۆرویچ سیتی | 06:00 |
| وێست برۆمیچ ـ تۆتنهام | 06:00 |
| چێڵسی ـ بۆرنیمۆس | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/12/6** | |
| نیۆکاسڵ ـ لیڤەرپوول | 07:00 |
| **دووشەممە 2015/12/7** | |
| ئێڤەرتۆن ـ کریستال پالاس | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ مانچستەر سیتی | 29 |
| 2 ـ لیستەر سیتی | 29 |
| 3 ـ مانچستەر یونایتد | 28 |
| 4 ـ ئارسناڵ | 27 |
| 5 ـ تۆتنهام | 25 |
| 6 ـ لیڤەرپوول | 23 |
| 7 ـ کریستال پالاس | 22 |
| 8 ـ وێستهام | 22 |
| 9 ـ ئێڤەرتۆن | 21 |
| 10 ـ ساوسهامتۆن | 20 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ڤاردی | لیستەر سیتی | 14 |
| 2 ـ لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 10 |
| 3 ـ کەین | تۆتنهام | 8 |
| 4 ـ ئۆدیۆن | واتفۆرد | 8 |
| 5 ـ ئەگوێرۆ | مانچستەر سیتی | 7 |



## خولی ئیتاڵیا ( هەفتەی 15 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/12/4** | |
| لازیۆ ـ یوڤانتۆس | 10:45 |
| **شەممە 2015/12/5** | |
| تۆرینۆ ـ رۆما | 05:00 |
| ئینتەرمیلان ـ جێنەوا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/12/6** | |
| بۆلۆنیا ـ ناپۆلی | 02:30 |
| ئاتالانتا ـ پالێرمۆ | 05:00 |
| فیۆرەنتینا ـ ئۆدینێزی | 05:00 |
| فرۆزینۆنی ـ کیێڤۆ | 05:00 |
| ڤیرۆنا ـ ئیمپۆلی | 05:00 |
| سامپدۆریا ـ ساسۆلۆ | 08:00 |
| کارپی ـ میلان | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ئینتەرمیلان | 30 |
| 2 ـ ناپۆلی | 28 |
| 3 ـ فیۆرەنتینا | 28 |
| 4 ـ رۆما | 27 |
| 5 ـ یوڤانتۆس | 24 |
| 6 ـ میلان | 23 |
| 7 ـ ساسۆلۆ | 22 |
| 8 ـ تۆرینۆ | 21 |
| 9 ـ ئاتالانتا | 21 |
| 10 ـ لازیۆ | 19 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ هیگواین | ناپۆلی | 10 |
| 2 ـ مارتینز | سامپادۆریا | 9 |
| 3 ـ کالینیچ | فیۆرەنتینا | 9 |
| 4 ـ ئینسینی | ناپۆلی | 7 |
| 5 ـ باکا | میلان | 6 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە هەردوو یاری (ساسۆلۆ ـ فیۆرەنتینا) و (ناپۆلی ـ ئینتەرمیلان) دانراوە.



## خولی ئەڵمانیا ( هەفتەی 15 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/12/4** | |
| شاڵکە ـ هانۆڤەر | 10:30 |
| **شەممە 2015/12/5** | |
| کۆڵن ـ ئوگسبۆرگ | 05:30 |
| مونشنگلادباخ ـ بایرن میونشن | 05:30 |
| ئینگۆلشتات ـ هۆفنهایم | 05:30 |
| هامبۆرگ ـ ماینز | 05:30 |
| هێرتا بەرلین ـ بایرلیڤەرکۆزن | 05:30 |
| ڤۆلفسبۆرگ ـ بوروسیا دۆرتمۆند | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/12/6** | |
| شتۆتگارت ـ ڤێردەربریمەن | 05:30 |
| فرانکفۆرت ـ دارمشتات | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 40 |
| 2 ـ بوروسیا دۆرتمۆند | 32 |
| 3 ـ ڤۆلفسبۆرگ | 25 |
| 4 ـ مونشنگلادباخ | 23 |
| 5 ـ هێرتا بەرلین | 23 |
| 6 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 21 |
| 7 ـ هامبۆرگ | 21 |
| 8 ـ شاڵکە | 21 |
| 9 ـ ماینز | 20 |
| 10 ـ کۆڵن | 20 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 17 |
| 2 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 14 |
| 3 ـ مۆلەر | بایرن میونشن | 13 |
| 4 ـ یۆنیس | ماینز | 8 |
| 5 ـ ریۆس | بورۆسیا دۆرتمۆند | 7 |



## خولی فەرەنسا ( هەفتەی 16 )

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/12/1** | |
| لۆریان ـ نیس | 09:00 |
| ئەنجی ـ پاریس سانجێرمان | 09:00 |
| نانت ـ لیۆن | 11:00 |
| **چوارشەممە 2015/12/2** | |
| باستیا ـ بۆردۆ | 09:00 |
| گانگۆن ـ ریمس | 09:00 |
| مۆناکۆ ـ کان | 09:00 |
| مۆنپێلیە ـ ئەجاکسیۆ | 09:00 |
| تروا ـ تۆلۆز | 09:00 |
| لیل ـ سانت ئیتیان | 11:00 |
| **پێنجشەممە 2015/12/3** | |
| رین ـ مارسیلیا | 11:00 |
| **هەینی 2015/21/4 (هەفتەی 17)** | |
| نیس ـ پاریس سانجێرمان | 10:30 |
| **شەممە 2015/12/5** | |
| باستیا ـ مۆناکۆ | 07:00 |
| کان ـ لیل | 10:00 |
| ئەجاکسیۆ ـ نانت | 10:00 |
| ریمس ـ تروا | 10:00 |
| تۆلۆز ـ لۆریان | 10:00 |
| لیۆن ـ ئەنجی | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/12/6** | |
| مارسیلیا ـ مۆنپێلیە | 04:00 |
| بۆردۆ ـ گانگۆن | 07:00 |
| سانت ئیتیان ـ رین | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 41 |
| 2 ـ کان | 28 |
| 3 ـ ئەنجی | 26 |
| 4 ـ لیۆن | 25 |
| 5 ـ سانت ئیتیان | 25 |
| 6 ـ نیس | 24 |
| 7 ـ مۆناکۆ | 24 |
| 8 ـ رین | 22 |
| 9 ـ لۆریان | 21 |
| 10 ـ نانت | 19 |



| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ موکاندچۆ | لۆریان | 11 |
| 2 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 10 |
| 3 ـ پاتشوای | مارسیلیا | 10 |
| 4 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 8 |
| 5 ـ بن عەرەفە | نیس | 7 |

## جامی شای ئیسپانیا

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/12/1** | |
| رییۆس دیپۆرتیۆ ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:00 |
| لیگانیس ـ گرانادا | 11:00 |
| **چوارشەممە 2015/12/2** | |
| بارسێلۆنا ـ ڤیلانۆڤینسی | 10:00 |
| ریال بیتیس ـ خیخۆن | 11:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ ـ گیتافی | 11:00 |
| ئەلمێریا ـ سێلتاڤیگۆ | 11:00 |
| باراکالدۆ ـ ڤالێنسیا | 11:00 |
| لۆگرۆنیێس ـ سڤیلیا | 11:00 |
| لیاجۆستێرا ـ دیپۆرتیڤۆ | 11:00 |
| قادش ـ ریال مەدرید | 12:00 |
| **پێنجشەممە 2015/12/3** | |
| لینێنسی ـ ئەتلەتیک بلباو | 10:00 |
| لیڤانتی ـ ئیسپانیۆل | 11:00 |
| میراندیس ـ مەلەگە | 11:00 |
| پۆنفیرادینا ـ ئیبار | 11:00 |
| هۆیسکا ـ ڤیارڕیال | 11:00 |
| س پالماس ـ ریال سۆسیداد | 12:00 |

گرنگترین یارییەکانی هەفتە

خولی ئینگلتەرا
شەممە 5/12/2015
06:00
سوانزی سیتی ـ لیستەر سیتی

خولی ئەڵمانیا
شەممە 5/12/2015
08:30
ڤۆلفسبۆرگ ـ بوروسیا دۆرتمۆند

خولی ئیسپانیا
شەممە 5/12/2015
10:30
ڤالێنسیا ـ بارسێلۆنا


خولی ئیتالیا
یەکشەممە 6/12/2015
05:00
فیۆرەنتینا ـ ئۆدینێزی

KOREK

8

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (377) سێشەممە 2015/12/1

## لێیدەترسێت

ماسیمیلیانۆ ئەلیگری ڕاهێنەری یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ترسی لەوە هەیە ئەو هەموو پەسن و پێداهەڵگوتنەی لەلایەن دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاهێنەر و یاریزانانەوە بۆ پاولۆ دیبالای یاریزانە لاوە ئەرجەنتینییەکەی یانەکەی دەکرێت ببێتە هۆکاری لەخۆباییبوونی دیبالا و کار لە ئاستی یاریکردنی بکات. ئەلیگری لەو بارەوە گوتی «داوا لە هەموو لایەک دەکەم واز لە دیبالا بێنن، بەسە پەسنی بدەن، بۆ ئەوەی لە بارودۆخێکی دەروونی ئارامدا پەرە بە تواناکانی بدات».



ڕێبوار محەممەد

# پایزی ڕۆناڵدۆیە یان بیرکردنەوەی بینیتێز؟

ئێستا لە هەموو کات زیاتر قسە لەسەر ئاستی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەگەڵ یانەی ڕیال مەدریدا دەکرێت، زۆرینەش پێیان وایە کە ئەو یاریزانە ئاستی دابەزیوە و چیدی توانای ئەوەی نییە هاوشێوەی وەرزەکانی پێشوو ڕکابەری لەسەر پێشەنگی گۆڵکەرانی خولی ئیسپانیا و ئەورووپاش بکات.

من لەگەڵ ئەو زۆرینەیەدا نیم کە پێیان وایە ڕۆناڵدۆ ئاستی دابەزیوە و چیدی تواناکەی جارانی نەماوە، ئەوەش لەبەر خۆشەویستی بۆ ئەو یاریزانە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەموو شتێک لە ڕیال مەدریدی ئێستا ئاماژەیە بۆ کێشەیەکی قوڵتر لە دابەزینی ئاستی ڕۆناڵدۆ و کە کێشەش هەمووانی گرتەوە، بێگومان ڕۆناڵدۆ دیارترین دەبێت چونکە ئەو ئەستێرەی یەکەمی یانەکەیە.

نکوڵی لە تەمەن ناکرێت وەک هۆکاری سەرەکی بۆ دابەزینی ئاستی یاریزانان، ڕۆناڵدۆش لە 30 تێپەڕاندووە و دەکرێ نیشانەکانی پیری دیاری بدات لە ڕووی، لانیکەم لە یاریگەکاندا، بەڵام توانای جەستەیی و هێزی لەشی ئەو یاریزانە پێموایە ئەوە ڕەتدەکەنەوە و ئەو هێشتا بەبەریەوە ماوە چەند ساڵێکی دیکەش پارێزگاری لە هەمان ڕیتمی یاریکردنی خۆی بکات.

### کەواتە کێشەکە لە کوێدایە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە تێڕوانین لە چەندین گۆشەی جیاوازی دەوێت. با لەوێوە دەستپێبکەم، ئەمەم لە چەندین شوێندا گوتووەتەوە، کاتێک مۆرینیۆ لە ڕیال مەدرید بوو، بەهەمان شێوە هێرشبەرەکانی دووچاری پێکان بوون و کە لێیان پرسی بۆچی ڕۆناڵدۆ ناکەیتە هێرشبەری سەرەڕم؟ ئەو گوتی ڕۆناڵدۆ ناتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، چونکە ئەو یاریزانێکە پێویستی بە ماوە و بۆشایی هەیە لەبەردەمیدا.

کەواتە ڕۆناڵدۆ هەرچەندە ئەستێرە بێت، داهێنەر و بەهێز و لێهاتوو بێت، توانا و تایبەتمەندی یاریکردنی لە نێو هێڵی سزادا نییە، ناتوانێ دوو یاریزان ببڕێت و ئینجا گۆڵ تۆمار بکات، بەڵام لە دەرەوەی سندووق هەموو شتێک دەکات.

ئێستا ڕۆناڵدۆ لە سەرەڕمدا یاریدەکات و ئەوەش بە فەرمانی ڕافایە و ڕافاش بەو فەرمانە، جیا لەوەی کێشەیەکی زۆری بۆ ڕۆناڵدۆ دروستکردووە، کێشەی بۆ خۆیشی دروستکردووە و ژمارەکان دەڵێن لە سەردەمی فابیۆ کاپێلۆوە تا ئێستا ڕیال مەدرید هێندەی ئەمساڵ گۆڵی کەم نەبووە.

خاڵێکی دیکەی پەیوەست بە دابەزینی ئاستی ڕۆناڵدۆ لە ڕیال مەدرید، ڕافا زۆرجار وەک ئەوەی لە یارییەکەی ئایباردا کردی، جەیمس لە لای ڕاست یاری پێدەکات و لە پلەی مەیکەری دووردەخاتەوە، ئەوەش تیپەکە دەکاتە تیپێکی بێ پلەی مەیکەر و لەبیرمان نەچێت، جەیمس یەکێکە لە باشترین یاری دروستکەرەکان بۆ ڕۆناڵدۆ.

بێگومان یارینەکردنی بێنزیما و مارسیلۆش کە دوو تۆپ گەیەنەری نایاب بوون بە ڕۆناڵدۆ کاریگەرییان لەسەر ئاستی ئەو یاریزانە هەیە.

هەرگیز پێموانییە بینتێز لە مۆرینیۆ زیرەکتر بێت، لە کاتێکدا هەموو جیهان بە مۆ دەڵێ سپێشەڵ وەن، ڕافا نازناوی تێکشکێنەری یانە گەورەکانی پێبڕاوە و ئەزموونی ئەو ڕاهێنەرە لە چێلسی، ئینتەرمیلان و ناپۆلی و ئێستای ڕیال مەدریدیش شایەدییەکی لەوە باشتریان پێنییە بۆ ئەو ڕاهێنەرە.

ئەوەی ئاستی ڕۆناڵدۆی دابەزاندووە بەشێکی بریتییە لە دابەزینی کۆی ئاستی ڕیال مەدرید لە وەرزی ئەمساڵدا، ئەوەشی ڕۆناڵدۆی بێ گۆڵ کردووە، دوورخستنەوەی ئەوە لە شوێنی یاریکردنی خۆی و دەرکەوتنیەتی لە شوێنێکدا کە ناتوانێ باش تێیدا دەربکەوێت.

دوا دێڕ وا باشە بڵێم خەریکە ڕافا لە کەتنەکەی خۆی تێدەگات، ئەوەتا لە دوا لێدوانی بەر لە یارییەکەی ئایباردا دەڵێ ڕۆناڵدۆ و بەیڵ تەواوی ئازادییان لە یاریگەدا هەیە، ئەگەر ئەوە جێبەجێ بکات نە کێشەیەک دەمێنێ بەناوی ئاستی ڕیال، نە شتێک بەناوی دابەزینی ئاستی ڕۆناڵدۆ.

لە ترسی ئەوان خانووەکەی دەفرۆشێت..

# لۆکاکۆ زۆر لە داعش دەترسێت



ڕووداوی وەرزشی ـ DW

ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ، ئەستێرەی بەلجیکی یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی دانی بەوەدانا کە زۆر لە تیرۆریستان دەترسێت و گوتی «لە ترسی ئەوان دەمەوێ خانووەکەم بفرۆشم».

ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ، لەو لێدوانەیدا دووپاتیکردەوە کە ئەو بیر لەوە دەکاتەوە ئەو خانووەی لە گەڕەکی مۆلینبیک لەناو جەرگەی برۆکسلی پایتەختی بەلیجکا هەیەتی بفرۆشێت. چونکە وەک خۆی دەڵێت «ئەو گەڕەکە لە ڕۆژانی ڕابردوودا جوولەیەکی نائاسایی هێزەکانی ئاسایشی بەخۆوە بینیووە، بەهۆی ئەو ئاگادارکردنەوە یەک لەدوای یەکانەی باس لە بوونی تەقەمەنی لەو گەڕەکەدا دەکەن، بەڕاستی ئەوەش دەمترسێنێت».

لۆکاکۆ دانی بەوەدانا کە ئەو ڕەوشە زۆر هەراسانی کردووەو زۆریش دەترسێت، بۆیە لە ڕۆژانی داهاتوودا خانووەکەی ئەوێی دەفرۆشێت، دوای ئەوەی فەرمانی بە خانەوادەکەی کرد ئەوانیش بێنە ئینگلتەرا، لۆکاکۆ لەو بارەوە زیاتر گوتی «ئەو خانووەم کڕی چونکە دەکەوێتە شوێنێکی ئارام، بەڵام ئێستا بەهۆی هەڕەشە یەک لەدوای یەکەکانی تیرۆریستان ڕەوشەکە ناخۆش بووە، بۆیە بیر لەوە دەکەمەوە بەیەکجاری بیفرۆشم».

بەلجیکا دوای تەقینەوەکانی پاریس لە ڕەوشێکی ناسەقامگیردا دەژیت، ئەمەش دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی ناچارکردووە بەهۆی هەڕەشەکانی داعش چەندین یاری دوا بخەن.



پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3444



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

وریا شەمسەدین لە بەنێنان

بە لێدوانی:

( پێویستی بە تۆ نەدەکرد، خۆمان چارەمان دەکرد )




## چل و پێنجەمین پێشبڕکێ


ڕووداو وەرزشی

ژمارە (377) سێشەممە 2015/12/1


شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک. واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە. بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
5 ـ مۆبایل

ناو : ..................................................

مۆبایل : ..................................................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە





RÛDAW
www.rudaw.net

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات



لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد